سەرۆک کۆمار لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئەرمینیا کۆدەبێتەوە



لەمیانی سەردانە ڕەسمییەکەیدا بۆ کۆماری ئەرمینیا، سەرۆک کۆمار دکتۆر لەتیف جەمال ڕەشید لەگەڵ نیکۆل پاشینیان سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە کۆبوونەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیانامەیەکدا ڕایگەیاند:"لە میانی دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ چوارشەممە، لە یەریڤانی پایتەخت بەڕێوەچوو، باس لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان عیراق و ئەرمینیا و چۆنێتی پەرەپێدانیان لە بواری جیاجیاکانی جێی بایەخی هەردوولا کرا"،

سەرۆک کۆمار ئاماژەیکرد بۆ

گرنگیدانی بەردەوامی ئەو پەیوەندییانە و چۆنیەتی پەرەپێدانی لایەنی ئابووری و بازرگانی و فراوانکردنی ئاسۆی پەیوەندییەکان بۆ سەرسختنی پرسی گۆڕەپان و خۆشگوزەرانی لە هەر دوو وڵاتی دۆستدا.

سەرۆک کۆمار دوپاتیکردەوە عیراق لەسەرئاستی ئەمنی و سیاسی سەقامگیریی بەخۆوە بینیوە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهان دروستکردوە، هەروەک دەرگاکانی والایە بۆ هاریکاری بۆ تایبەت لە بواڕەکانی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووری، بۆ جەرەک کە بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی و هاوبەشەکانی بەدیبهێنێت.

لای خۆیەوە پاشینیان ستایشی پێیوەندییە بەهێزەکانی نێوان عیراق و ئەرمینیای کرد و جەختیکردەوە لە ویستی جدی وەاتەکەی بۆ فراوانکردنی ئاستی هاریکاریی بونیادنەر لەنێوان هەردوو وەاتدا.